# فیقهی ئاسان: پەرتووکی ڕۆژوو: دەروازەی سێهەم: سوننەت ومەکروهاتەکانی ڕۆژوو

الفقه الميسر: كتاب الصيام: الباب الثاث : مستحبات الصيام ومكروهاته

< كوردی - كردي - kurdish >


دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء



وەرگێڕانی: دەستەی بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# سوننەت ومەکروهاتەکانی ڕۆژوو

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئەمەش دوو بابەتی لە خۆ گرتووە : -

## بابەتی یەکەم : سوننەتەکانی ڕۆژوو :

سوننەتە ڕۆژەوان لەکاتی ڕۆژووگرتندا ڕەچاوی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بکات :

1-پارشێوکردن، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی :

{تسحروا فإن في السحور بركة } [1] .

واتا : پارشێو بکەن چونکە پارشێوکردن بەرەکەتی تێدایە .

پارشێوکردنیش بە خواردنی زۆر وکەمیش جێ بەجێ دەبێت، ئەگەر بە قومە ئاوێکیش بێت، کاتی پارشێوکردن لە نیوەی شەوەوە دەست پێدەکات تا هەڵهاتنی سپێدەی بەیانی .

2-دواخستنی پارشێو : بە بەڵگەی ئەو ڕیوایەتەی کە زەیدی کوڕی ثابت (خوای لێ ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە ودەڵێت : " تسحرنا مع رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) ثم قمنا إلى الصلاة قلت : كم كان قدر ما بينهما ؟ قال : خمسين آية " [2] .

واتا : لەگەڵ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پارشێومان کرد، پاشان هەستاین بۆ نوێژکردن، ووتم : نێوان پارشێو و نوێژکردنەکەتان چەندێك بوو ؟ ووتی : بە ئەندازەی خوێندنی پەنجا ئایەت بوو .

(1) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (1923) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1095) ڕیوایەتیان کردووە .
(2) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (575) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1097) ڕیوایەتیان کردووە .

3-پەلە کردن لە ڕۆژوو شکاندن وبەربانگ کردنەوە: سوننەتە هەرکاتێك ڕۆژووەوان تەواو دڵنیا بوویەوە کە ڕۆژئاوابووە، پەلە بکات لە شکاندنی ڕۆژوو و بەربانگ کردنەوە، لەم بارەیەوە سەهلی کوڕی سەعد (خوای لێ ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی:{ لا يزال الناس بخير ما عجلوا الفطر}[1].

واتا : هەمیشە وبەردەوام خەڵکی لە کاری چاکە وخێردان مادام خێرا وزوو بکەن لە ڕۆژوو شکاندندا .

4-بەربانگ کردنەوە بەخورمای تازە وتەڕ وپاراو : ئەگەر نەبوو ئەوا با بەخورمای ووشك بێت، وە سوننەتە ئەو دەنکە خورمایانەی کە بەربانگی پێدەکەیتەوە تاك بن، ئەگەر خورمایش دەست نەکەوت ئەوا با بە چەند قومێك ئاو ڕۆژوەکەی بشکێنێت، لەم بارەیەشەوە ئەنەسی کوڕی مالیك (خوای لێ ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە ودەڵێت : " كان رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) يفطر على رطبات قبل أن يصلي، فإن لم تكن رطبات فعلى تمرات، فإن لم تكن حسا حسوات من ماء " [2] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پێش ئەوەی نوێژ بکات بەربانگی بە چەند دەنکە خورمایەکی تەڕ وتازە دەکردەوە، ئەگەر هاتوو خورمای تەڕ وتازە نەبوایە ئەوا بەچەند دەنکە خورمایەکی ووشك، ئەگەر خورمای ووشکیش نەبوایە ئەوا بەچەند قومە ئاوێك بەربانگی دەکردەوە .

ئەگەر هاتوو ڕۆژووەوان ئاویشی دەست نەکەوت بۆ ڕۆژوو شکاندن ئەوا بە بە دڵی نیەتی ڕۆژوو شکاندن بهێنێت، و لەوەها حاڵێکدا هەر هێندەی بەسە .

(1) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (1957) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1098) ڕیوایەتیان کردووە .

(2) ئەبوداو بەفەرموودەی ژمارە (2356) ڕیوایەتی کردووە، وە تیرموذی بە فەرموودەی ژمارە (696) ڕیوایەتی کردووە، وە بەفەرموودەیەکی حەسەنی داناوە، وە بەغەویش لە پەرتووکی ( شرح السنة ) تەخریجی کردووە (226/6)، شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە (صحيح الترمذي بەژمارە (560)، ئەرنائوطیش سەنەدەکەی بەهێز داناوە، لە پەرتووکی ( التعليق على شرح السنة ) دا .

5-نزاو پاڕانەوە لەکاتی بەربانگ کردنەوە وکاتی بەڕۆژوو بووندا : لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : {ثلاثة لا ترد دعوتهم : الصائم حتى يفطر, والإمام العادل, والمظلوم } [1] .

واتا : سێ کەس نزا وپاڕانەوەیان نادرێتە دواوە : نزای ڕۆژووەوان تا ئەو ساتەی ڕۆژوەکەی دەشکێنێت، وە نزای ئیمام وپێشەوایەکی عادل ودادپەروەر، وە نزای کەسێکی ستەم لێکراوە .

6- زۆر ئەنجامدانی خێر وصەدەقە وقورئان خوێندن ونانادان بە ڕۆژووەوانان وتەواوی کارە خێر وباشەکانی تریش، عەبدوڵای کوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت : {كان رسول الله صلى الله عليه وسلم أجود الناس وكان أجود ما يكون في رمضان حين يلقاه جبريل وكان يلقاه في كل ليلة من رمضان فيدارسه القرآن فرسول الله صلى الله عليه وسلم أجود بالخير من الريح المرسلة } [2].

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەخشندەترین وسەخیترین کەسی ناو خەڵکی بوو، وە لەمانگی ڕەمەزانیشدا لەهەموو کاتەکان سەخیتر بوو، کاتێك جوبرەئیل دەهاتە لای، جوبرەئیلش هەموو شەوێکی مانگی ڕەمەزان دەگەیشت پێی وپێکەوە لە قورئانی پیرۆز دەکوڵینەوە، وپەیمانی دەوڵەمەندی نەفس ودەرونی بۆ نوێ دەکردەوە، - چونکە دەوڵەمەندی دەروون هۆکارە بۆ سەخاوەتمەندی – پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) سەخیتر بوو لەخێرکردندا لە شنە بای هەڵکردوو، - چونکە شنە با هەمیشە خێر وبێری پێوەیە بۆ خەڵکی - .

---

(1) تیرموذی بە فەرموودەی ژمارە (2526) ڕیوایەتی کردووە، وە بەفەرموودەیەکی حەسەنی داناوە، وە بەیهەقیش تەخریجی کردووە (345/3)، جگە ئەوانیش لە ئەنەسەوە بە مەڕفوعی ڕیوایەتیان کردووە بەڵام بەم دەستەواژەیە : "ثلاث دعوات لا ترد : دعوة الوالد، ودعوة الصائم، ودعوة المسافر " واتا : سێ نزاو وپاڕانەوە ناردێنە دواوە، نزای دایك وباوك، ونزای ڕۆژوەوان، نزای کەسی ستەم لێکراوە ... شێخ ئەلبانی بە صەحیحی داناوە، بڕوانە : السلسلة الصحيحة : فەرموودەی ژمارە 1797 ) .

(2) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (6) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (2308) ڕیوایەتیان کردووە .

7-کۆشش کردن لە ئەنجامدانی شەو نوێژ کردن : بە تایبەت لە دەشەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزاندا، لەم بارەیەشەوە عائیشەی دایکی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : {كان رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) إذا دخل العشر شد مئزره وأحيا ليلته وأيقظ أهله } [1].

واتا : کاتێك دە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزان دەهات پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دامێنی توند دەکرد، - واتا وازی لە تیکەڵاوی خێزانەکانی ئەهێنا – وە شەوەکانی بە عیبادەت و پەرستن و خواناسی زیندوو دەکردەوە، وە خێزانەکانیشی خەبەر دەکردەوە بۆ عیبادەت کردن .

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی : {من قام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه } [2].

واتا : هەرکەسێك مانگی ڕەمەزان زیندوو بکاتەوە بە نوێژ وشەو نوێژکردن بەو مەرجەی باوەڕی بە فەزیلەتی هەبێت و بە ئومێدی ئەوەی خوای گەورە پاداشتی خێر لەسەر بداتەوە، ئەوا خوای گەورە لە گوناهی پێشووتری خۆش دەبێت .

8-عومرە کردن لەم مانگەدا : بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: {عمرة في رمضان تعدل حجة } [3].

واتا : عومرە کردنێك لە مانگی ڕەمەزاندا خێر وپاداشتی حەجێکی هەیە .

9-لە وەڵامی کەسانێکی هەرزە و جوین فرۆشدا بڵێ من بە ڕۆژووم : بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: {وإذا كان يوم صوم أحدكم فلا يرفث، ولا يصخب فإن سابه أحد، أو قاتله فليقل: إني امرؤ صائم } [4].

(1) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (2024) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1174) ڕیوایەتیان کردووە .
(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (759) ڕیوایەتی کردووە .
(3) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (1782) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1256) ڕیوایەتیان کردووە .
(4) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (1904) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1151) ڕیوایەتیان کردووە، لەفزەکەش لەفزی بوخاریە .

واتا : هەرکەسێك لە ئێوە بە ڕۆژوو بوو، با قسەی بێهوودە وهاوار ودەمە دەمێ نەکات، وە ئەگەر هەر کەسێکیش قسە و جوێنی پێدا، یان شەڕی لەگەڵدا کرد، ئەوا با لە وەڵامدا بڵێ : من کەسێکی بەڕۆژووم .

## بابەتی دووەم : مەکروهاتەکانی ڕۆژوو .

هەندێك شت هەیە مەکروهە ڕۆژووەوان ئەنجامی بدات، چونکە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی پاداشت وخێری ڕۆژووەکەی : -

1-زیادەڕۆیی لە ئاوڕادنە دەم ولوت : چونکە ترسی ئەوەی لێدەکرێت ئاو بڕواتە خوارەوە بۆ ناو گەدە، لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { وبالغ في الاستنشاق إلا أن تكون صائما } [1].

واتا : زیادەڕۆیی بکەن لە ئاو لە لووت ڕادان، کاتێك نەبێت کە بەڕۆژوویت .

2-ماچکردن بۆ ئەو کەسانەی ئارەزوو وشەهوەتیان دەجوڵێت، ئەویش ئەو کەسانەی کە ناتوانن کۆنترۆڵی خۆیان بکەن لە هاتنەوەی ئاو و سەرکێشی کردن بۆ شتی تر، بۆیە مەکروهە ڕۆژووەوان ژنی خۆی ماچ بکات، چونکە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی شەهوەتی بجوڵێت وپاشان ڕۆژوەکەی بەتاڵ بێتەوە یان بەئاو هاتنەوە یان بە جیماع وسەرجێی کردن لەگەڵیدا، بەڵام ئەگەر هاتوو دڵنیا بوو لەخۆی کە ڕۆژوەکەی بەتاڵ نابێتەوە کێشە وگرفت نیە کە خێزانی ماچ بکات، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیەی کە عائشەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی دەکات و دەڵێت : { كان رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) يقبل وهو صائم وكان أملككم لإربه } [2].

(1) تیرموذی بە فەرموودەی ژمارە (788) ڕیوایەتی کردووە، وە بە فەرموودەیەکی صەحیحیشی داناوە، وە نەسائیش ڕیوایەتی کردووە (66/1)، هەروەها ابن ماجە بە فەرموودەی ژمارە (407) ڕیوایەتی کردووە، شێخ ئەلبانی بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە : ( صحيح النسائي بە فەرموودەی ژمارە (85) .
(2) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (1927) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1106) ڕیوایەتیان کردووە .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ماچی کردووە - ماچی خێزانەکانی- کاتێك بەڕۆژوو بووە، وە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەهێزتر بوو لەئێوە دەیتوانی کۆنترۆڵی شەهوەت وئارەزووی خۆی بکات .

وە دەبێت ڕۆژوەوان دوور بکەوێتەوە لە تەواوی ئەو شتانەی کە شەهوەت وئارەزوو دەجولێنێت، وەك زۆر تەماشاکردنی خێزانی خۆت، وبیرکردنەوە لە جیماع وسەرجێی کردن، چونکە دەبنە هۆی هاتنەوەی ئاو ویان سەرکێشان بۆ سەرجێی کردن .

3-بەڵغەم قووتدان : چونکە دەگاتە ناو گەدە، مرۆڤی پێ بەهێز دەبێت، ئەوە سەرەڕای ئەوەی زیانی هەیە و شتێکی قێزەونیشە.

4-تامکردنی چێشت بەبێ ئەوەی پێویستت پێی ببێت : بەڵام ئەگەر هاتوو واپێویستی دەکرد تامی چێشتێك بکرێت، وەك ئەوەی کەسێکی چێشتلێنەر لەکاتی دروستکردنی چێشتەکەیدا پێویستی بەوە هەبوو بزانێت سوێری و کەم خوێی چێشتەکەی چۆنە، ئەوە کێشە وگرفت نیە و قەیناکات تامی بکات، لەگەڵ ئەوەدا دەبێت زۆر ئاگای لەخۆی بێت کە هیچ شتێك نەکاتە گەرووی بڕواتە خوارەوە، چونکە ئاشکرایە زانینی سوێری وکەم خوێی بە زمان دەکرێت.

خوای گەورە ڕۆژوو وطاعەت وعیبادەت وتەراویحی هەمووانی گیرا کردبێت وبمانگێڕێت لەو کەسانەی کە لەم مانگە پیرۆزەدا لێیان خۆش دەبێت، اللهم آمین .

وصلى الله وسلم على نبينا محم وعلى آله وصحبه وسلم .